Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-13

# ڕۆڵی پێگە ئاینییەکان و شوێنەوارەکانی هەورامان لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریدا

دیلمان محمد صابر [1] ,سەرکۆ ناجی جەبار [2]

1-بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق
2-کۆلێجی ڤێترنەری، زانکۆی سلێمان، هەرێمی کوردستان- عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

هەورامان، شوێنەوار، خانەقا، قەڵای زەڵم.

**Corresponding Author**

Dilman.mohammed@univsul.edu.iq
sarko.jabbar@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ناوچەی هەورامان کە تایبەتمەندییەکی جوگرافی خۆی هەیە و شێوەیەکی سێگۆشەییە کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئێرانەوە، خاوەنی مێژوو کەلتور تایبەت بەخۆیەتی و سەرەتاکانی ژیان و شارستاییەت لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان و بەدرێژایی مێژوو ژیان لەم ناوچەدا بەردەوام بووە. بەڵگەش بۆ ئەمە هەبوونی چەندین پاشماوەی شوێنەوارییە، کە ئەم شوێنەوارانە لەڕووی مێژووییەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە بەتایبەتی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ سەردەمەکانی دواتر، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەشکەوت، کۆشک، خەزێنەی تاشرا، ڕێگەو بان، قەڵا، شورا، پاشماوەی خانوو، دیوار، منارەی مزگەوت و مەزار ...هتد، ئەم شوێنەوارانە گرنگی و ئاوەدانی و تێکەڵی ئاینی و پێکەوەیی ناوچەکە دەردەخات لە ڕابردودا و سەلمێنەری گونجاوی ڕەگەزە سروشتی و مرۆییەکان و شێوازی ژیانکردنی دانیشتوانی هەورامان دەخاتە ڕوو هەروەک بە سەروەتێکی نیشتیمانی دادەنرێت و ناسنامەی نەتەوەییە. گرنگی پێدان و پاراستنیان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە ناوچەکەدا لە ڕووی کەرتی گەشتوگوزارییەوە بەوپێیەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو دەکەنە ناوچەی هەورامان، دەکرێت لە ڕووی پەرەپێدان و ڕاکێشانی گەشتیاریی ئاینی و ڕۆشنبرییەوە سودێکی زیاتر بە کەرتی گەشتیاری ناوچەی هەورامان بگەیەنێت و هۆکارێک بێت، بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەو گەشتیارانەی ساڵانە ڕوو دەکەنە ناوچەکە. ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوشوێنەوارانەی کەوتوونەتە ناوچەی هەورامان و ڕۆڵیان لە برەودان بە کەرتی گەشتیاری لە هەوراماندا.

## پێشەکی:

هەورامان لە ڕووی توانستە گەشتیارییەکانەوە لەهەردوو بواری مرۆیی و سروشتییەوە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ڕەگ وریشەی مێژوویی هەیە، بەوەی بەدرێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ لەو ناوچەیەدا نیشتیەجێیەو کەلتور و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیی پاراستووە، بەو پێیەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە هەورامان دەکات و بە ناوچەیەکی گەشتیاری ناسراوە، دەکرێت بنەمای مێژوویی و شوێنەواری خاڵێکی بەپێز و سەروەتێکی گرنگ بێت لە پەرەپێدانی ئەم کەرتەدا، چونکە گەشتوگەزار بەلایەنێکی گرنگی گەشەسەندنی کەرتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، پەرەپێدان و پاراستن و گرنگیدان بە ناوچە شوێنەوارییەکان دەستەبەری ژمارەیەکی زۆرتری گەشتیار دەکات، لەوکاتەی ناوچەکە دەوڵەمەندە بە ژمارەیەکی زۆری شوێنەواری وەک (مەزارگە و مزگەوت و خانەقا و قەڵا و ئەشکەوت) و پاشماوەی دیکەی شوێنەواری.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە خۆی لە ناساندن و پاراستنی شوێنەوارەکانی ناوچەی هەورامان دەبینێتەوە، وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا و هاندانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ ئەوەی ساڵانە ڕوو لە ناوچەکە بکەن.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە ڕۆڵی ئەو شوێنەوارە مێژوویی و کەلتورییانەی هەورامان لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاریدا دەخاتە ڕوو، هەتاوەکو ببێتە هۆکاری هاندانی گەشتیاری زۆرتر بۆ ئەوەی ڕوو لە ناوچەکە بکەن و داهاتی زیاتر دەستەبەر بکرێت و ناوچەکە گرنگی زیاتری پێبدرێت.

## گرفتی توێژینەوەکە:

هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەی شوێنەواری لە هەوراماندا هەیە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەتوانراوە لێکوڵینەوە و کنەوپشکنین لەو ناوچە شوێنەوارییانە بە شێوەیەکی زانستی بکرێت و مێژووی بەشێکیان بە نادیاری ماوەتەو، هەروەک بەشێک لە شوێنەوارەکان لەناو چوون یاخود مەترسی نەمانیان لەسەرە.

## میتۆدی توێژنەوەکە:

لەم توێژنەوەیەدا میتۆدی مێژوویی و وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە بۆ ناساندنی ناوچە شوێنەوارییەکان و ئاماژە پێدانیان.

## پێکهاتەی توێژنەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت لە باسی یەکەمدا،کە دوو تەوەرەیە لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژە دراوە بە هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەی هەورامان و ناساندی مێژووی ناوچەکە بە شێوەی کرۆنۆلۆجی هەر لە مێژووی کۆنەوە هەتاوەکو مێژووی نوێ. لە تەوەرەی دووەمدا خستنەڕووی لایەنی ئابووری کەلتوری و فەرهەنگی ناوچەکە، هەرچی باسی دووەمە خۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە لە تەوەرەی یەکەمدا ناساندنی ناوچە شوێنەوارییەکان و دابەشکردنیان بۆ شەش بازنەی سەرەکی پاشان، تەوەرەی دووەم گەشت و گوزار و گرنگی لە ناوچەی هەوراماندا، وەک هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەوراماندا، لە کۆتاییشدا باسمان گرفتەکانی بەردەم گەشەکرنی گەشتیاری بواری شوێنەواری و ئاینی لە ناوچەی هەورامان، ڕاسپاردەشمان بۆ ئەم گرفتانە خستوەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم :-سەرنجی گشتی لەسەر جوگرافیا و مێژوو و پێکهاتەی کلتوری ناوچەی هەورامان:

### هەورامان وەك ناوچە و ناو:

ناوچەی هەورامان ناوچەیەکە تایبەتمەندی جوگرافی خۆی هەیە و دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرئاوای وڵاتی ئێرانەوە، زنجیرە چیاکانی هەورامان بەشێکی گرنگی ڕووبەری هەرێمەکە دادەپۆشن و تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی وای لێکردووە کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری, ئەم هەرێمە جوگرافییە، شێوەیەکی نیمچە سێگۆشەیی بەخۆوە گرتووە، کە هەریەکە لە شارەکانی (هەڵەبجە, مەریوان و پاوە ) دەبنە گۆشەیەکی ئەم هەرێمە, هەرچەندە شێوەی سێگۆشەیی تەواویش دەرناچێت، چونکە لە گۆشەی هەڵەبجەوە کورت دەهێنێت (ڕۆستەم، ٢٠١١، ١٨ ).

پارێزگاکانی ( کرماشان) و ( سنە) لە ئێران و پارێزگای ( سلێمانی ) لە باشوری کوردستان هەورامانیان لە ئامێز گرتووە، لە ڕووی ئیدارییشەوە هەورامان بەسەر هەرسێ پارێزگاکەدا دابەش بووە (هەورامانی، ٢٠٠، ٦١٦).


ئەگەر وردتر سنووری ئەم ناوچەیە دیاری بکەین دەبینین لە باشوورەوە شارەکانی ( جوانرۆ ) و (کرماشان) (نضیری,١٣٧٩، ١), لە باکورەوە شارەکانی (مەریوان) و ( پێنجوێن)، لە ڕۆژهەڵاتەوە (سنە) و (کامیاران)، لە ڕۆژئاواوە (هەڵەبجە) و (سەید سادق) چوارچێوەی سنوورەکەمان بۆ دیاری دەکەن(محمد،٢٠٠٥, ٢١).

لەگەڵ ئەوەی کە هەورامییەکان لە سەردەمانی کۆندا لە ناوچەیەکی فراوانتردا بڵاو بوونەتەوە (بەهمەنی، ٢٠٠١، ٢١٥ )، بەڵام ئێستا لە ناوچەیەکی تەسکتردا نیشتەجێن وەك لەوەی ڕابردوویان، کە دەتوانین درێژی خاکەکەی بە نزیکەی (٣٠٠)کم و پانییەکەی بە نزیکەی (١٢٠ ) کم دابنێین، وە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە (١٠٣٢٠)کم مەزەندە دەکرێت (هەورامانی، ٢٠٠، ٦٠٧؛ محمد، ٢٠٠٥، ٢١).

ناوچەی هەورامان لە ئێستادا دابەش بووە بۆ دوو بەش، ئەوانیش هەورامانی ( تەخت ) و ( لهۆن )، کە هێڵی سنوری نێوان وڵاتانی عێراق و ئێران بەناو ئەو دوو بەشەدا تێپەڕ دەبێت، وە بنچینەی ئەم دابەش کردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتننامەی ( زەهاو)ی ساڵی (١٦٣٩ز )ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، کاتێك بەشێکی زۆری هەورامان کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی و بەشێکی کەمیش لە هەورامانی (لهۆن) کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

لە ساڵی (١٨٤٨ز) لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەیەکی تر لە نێوان عوسمانییەکان و قاجارەکاندا ئەم دابەش کردنە دووبارە دڵنیایی لەسەر کرایەوە بە دروستکردنی هێڵێکی سنوری بەناوی ( هومایون ) پاشان ئەم هێڵەش لە ساڵی (١٩٠٥ز) لە لایەن دەستەیەکی تایبەت بە سنور جێگیر کرا (ڕۆستەم، ٢٠١١، ١٩).

جگە لەم دابەشکردنە، هەورامان لە ناوخۆشدا دابەشکراوە بە چەند بەشێکی بچوکەوە کە بە (چەم) ناودەبرێت (عەباسی، ٢٠١١، ٩٤-٩٥)، ئەم دابەشکردنەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەورامانەوە بووە، کە ئەمانەن: ( تەخت – لهۆن – دزڵی و شامیان – ڕەزاوا و کەمەرە – ژاوەرۆ و گاوەرۆ ), (حەمەصاڵح، ٢٠٠٦، ٢٧).




نەخشەی ژمارەی (١) سنوری جوگرافیای هەورامان سەرچاوە (عارف و مصطفی و ڕەشید، ٢٠١٩، ٩٦).

ئەگەر سەیری تۆبۆگرافیای هەورامان بکەین دەبینین بەشێکی زۆری لە چیا پێکهاتووە، کە بە ڕێژەی (% 90)ی ڕووبەری خاکی هەورامان پێکدەهێنن (زەند، ٢٠٠٥، ٢١٢)، ئەم چیایانەش بە شێوەی زنجیرەی لەیەکەوە نزیك هەڵکەوتوون، کە بەشێکن لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، بەڵام ناوی تایبەتی خۆیان هەیە، گرنگترینیان زنجیرەی (شاهۆ)یە و هەورامان دەکاتە دوو بەش (فەرەج، ٢٠٠٠، ١٨؛ محمد، ٢٠٠٥، ٢٢).

بەرزی ناوچەی هەورامان لەئاستی ڕووی دەریاوە لە (٧٠٠-٣٠٠٠م )، وە تێکرای بەرزییەکەشی دەگاتە (٢٥٤٨م )، (بەهمەنی، ٢٠٠١، ٢٤١؛ حەمەصالح، ٢٠٠٦، ٣٢ ).

جگە لە ناوچەی چیایی، بەشێکی کەمی خاکی هەورامان لە دەشتی بچوك و دۆڵ و نشێو پێکهاتووە (محمد، ٢٠٠٥، ٢٢-٢٣). سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی، هەورامان دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٥-٣٥،٥ )ی پانی باکوری گۆی زەوی، و لە نێوان هێڵەکانی درێژی (٤٥،٥–٤٦)ی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی. دیارە ئەم هەڵکەوتەیەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دیاریکردنی پلەکانی گەرما و ڕێژەی باران بارین و دەرکەوتنی وەرزەکانی ساڵ (ئەنوەر، ٢٠٠٩، ١١؛ محمد ئەمین، ٢٠١١، ٧٦).

لەبەر ئەوەی ئاوهەوای ناوچەی هەورامان بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، لە وەرزی زستاندا ئاو و هەوایەکی سارد و سەختی هەیە، هەندێک کات بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا پلەکانی گەرما بۆ (١٠-٢٠) پلەی ژێر سفر نزم دەبێتەوە, هەروەها ئەم هەرێمە جوگرافییە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە باران تیایاندا مسۆگەرە و تێکرای بارانی ساڵانەی لە (٦٠٠ملم ) کەمتر نییە. زۆربەی جاریش دابارینەکە بەشێوەی بەفرە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە لوتکە چیاکاندا دەمێنێتەوە, هەندێك جار بەهۆی درێژەکێشانی وەرزی سەرماوە، وەرزی بەهار کەمتر یان درەنگتر دەردەکەوێت، لەو ماوەیەشدا کە وەرزی بەهارە بەشێوەیەکی باراناوی و پاراو دەردەکەوێت. ناوچەکە زیاتر دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی دەبێت و کەش و هەوای ناوچەکەش وردە وردە بەرەو هێمنی دەچێت و خەڵکی ئەم ناوچەیە زیاتر خەریك دەبن بە چاککردنی کێڵگەکانی بەرووبومەکانیانەوە (محمد، ٢٠٠٥، ٢٩- ٣٠ ؛ حەمەصالح، ٢٠٠٦، ٣٢؛ ڕۆستەم، ٢٠١١، ١٩).

لەلایەکی دیکەوە وەرزی هاوین لە هەورامان وەرزێکی فێنك و خۆشە. لەم وەرزەدا پلەکانی گەرما مامناوەندی دەبن و لە نێوان (٢٥-٣٥) پلە دان دواتر وەرزی پایز دێت، ئەم وەرزەش لەهەورامان درێژ دەردەکەوێت و خەڵکی خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان بۆ وەرزی سەرما (محمد، ٢٠٠٥، ٣١).

سەبارەت بە ناوی ئەم ناوچەیە، لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوەیەك ناوی هاتووە، وەك: ( Avroman , Awramn، ئۆرامان، أرمان , ئەورامن, هۆر ئامان )، (عارف، ١٩٧٤، ٦٥؛ بۆرەکەیی، ٢٠٠٢، ١٠٧٦؛ زەکی، ١٩٣٩، ٢؛ هەورامانی، ٢٠٠٠، ٦٠٦ ؛ فەرەج، ٢٠٠٠، ١٤).

وەک ئاشکرایە ئەو ناوەی کە زۆرتر بەکاردەهێنرێت و باوترینیانە وشەی ( هەورامان )ە. سەبارەت بە واتای وشەی (هەورامان) چەند بیروبۆچوونێك هەیە کە مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان دایانڕشتووە، کە بەشێک لەو بۆچوونانە پەیوەندی بەلایەنی ئاینی یاخود بنچینەیەکی مێژوویی و کەلتوری هەیە، ئێمە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین.

یەکێك لەو بۆچونانە ئەوەیە کە دەڵێت: وشەی (هەورامان) لە وشەی (ئاهورامەزدامان)ەوە هاتووە و دواتر گۆڕانکاریی بەسەر وشەکەدا هاتووە و بووە بە (هەورامان)، دیارە ئەمە لێکدانەوەیەکی ئاینییە، چونکە (ئاهورامەزدامان) خواوەندێکی کۆنی زەردەشتییەکانە کە بە خودای چاکە ناسراوە. یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکان ئەوەیە کە وشەی (هەورامان) لە ناوی (هەورام)ەوە هاتووە کە یەکێك بووە لەو دوو برایەی کە ئەم ناوچەیەیان ئاوەدان کردۆتەوە لە سەردەمی (داریوش)ی پادشای فارسیدا (هەورامانی، ٢٠٠٠، ٦٠٩؛ بەهمەنی، ٢٠٠١، ٢١٤).

بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێی وایە بنچینەی وشەی (هەورامان ) لە دوو وشە پێك هاتووە : (هۆر + ئامان) وە چەند واتایەك بۆ ئەم وشانە دانراون، وەکو : (هۆر ئامان) واتە: هەور هاتووە, یان (هور ئامان) واتە : هەڵهاتوو، هەڵچوو یان (وەر ئامان ) واتە: خۆر هاتووە یان خۆر دەخیل، دێت (فەرەج، ٢٠٠٠، ١٤-١٥).

## هەورامان لە مێژووی دێریندا:

سەبارەت بە مێژووی هەورامان وەك زۆربەی ناوچەکانی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و ڕەگ و ناوی لە قۆناغە دێرینەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە تایبەتی لە مێژووی دێریندا، ئەم قۆناغە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانییەتەکانی ناوچەکەوە دەستپێدەکات، هەتاوەکو سەدەکانی ناوەڕاست و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەکەدا.

ئەگەر سەیری مێژووی دێرینی کوردستان بکەین کۆمەڵێك دەسەڵات و نەتەوەی جیاواز ناویان دێت، ئەوەی کە هەبووە لە کوردستان و ناوچەکەدا دەسەلاتەکانی (سوئی، لولوبی، گوتییەکان، کاشییەکان، خورییەکان, میتانییەکان، نائیری و ئۆراتووەکان، مانییەکان و کاردۆخییەکان ) بوون، کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاین لەم ناوچانەدا ژیاون و ناویان لە سەرچاوەکاندا وەک گەل و نەتەوەی جیاواز دێت (ئەحمەد و

ڕەشید، ٢٠١١، ٦٨-١٤٠), بەڵام ئەوانەی کە زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی چیاکانی زاگرۆس دا هەبووە لولوییەکان و گۆتیەکان بوون، کە بە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە دادەنرێن و دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا هەبووە (بیلگەری، ٢٠٠١، ٩٧).

چەندین ململانێ لە نێوان گەل و نەتەوەکانی نیشتەجێی چیاکانی زاگرۆس و قەڵەمڕەوی داگیرکەر ڕوویداوە، بە تایبەتی لەشکرکێشی ئاشورییەکان بۆ ئەم ناوچەیە، کە پادشایانی ئاشوری دوای چەندین هەڵمەتی داگیرکاری نەیانتوانیوە هەموو هەورامان داگیر بکەن و تەنیا بەشێکیان بۆ داگیر کراوە (ڕۆستەم، ٢٠٠١، ٢٩).

چەند جارێکی دیکە لە هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زایندا ناوچەکە دووچاری شاڵاوی ئەکەدی و ئاشورییەکان هاتووە، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە نەیانتوانیوە بەتەواوەتی هەژموونی خۆیان لە ناوچەکەدا بسەپێنن, هەر لەو قۆناغەدا دوای ئەوەی ئەسکەندەر لەشەڕی (گۆگامێلا)دا بەسەر ئەخمینیەکاندا سەردەکەوێت لە ساڵی (٣٣١پ.ز.) ڕووی لە ناوچەی چیاکان کردووە (ڕۆستەم، ٢٠٠١، ٢٩؛ حەمەصاڵح، ٢٠٠٦، ٤٦-٤٧), هەورامانیش بەشێك بووە لەو ناوچانەی کە بەر ئەو داگیرکاریانە کەوتوون و سەرچاوەکان باس لە ململانێی نێوان خەڵکی ناوچەی هەورامان دەکەن لەگەڵ سوپای ئەسکەندەر، لە ئەنجامی ململانێکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە لەگەڵ سوپاکەیدا ئەسکەندەر زیندانێکی بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە دروستکردووە لە ناوچەی (زاخۆ)ی ئێستا بەناوی زیندانی (ئەورامن), (عبدوللە، ٢٠٠١، ٢٧).

دواتر لەسەردەمی ئەشکانییەکان ٢٤٨پ.ز- ٢٢٦ز و ساسانییەکان ٢٢٦-٦٣٧ز و هەورامان دەبێتە بەشێك لە سنوری قەڵەمڕەوی ئەو دوو ئیمپراتۆیەتە و لە سەدەی شەشەمی زاینی هەتا هاتنی ئیسلام ئەم ناوچەیە دەچێتە ژێر دەسەڵاتی هۆزی گۆران کە (کواتانز) دایمەزراندبوو، هەتا شاری تەورێز درێژ دەبووەوە و پایتەختەکەی کرماشان بوو (حەمەصاڵح، ٢٠٠٦، ٤٨).

لەم قۆناغەدا ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ناوچەی هەورامان بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی شێوە دیموکراتی کاروباری ناوخۆی بەڕێوەبردووە، ئەو ئەنجومەنەش ناوی (ژیلاو مەرێ )بووە، سەرجەم یاساکانیش لەلایەن ئەنجومەنەکەوە دەرچوون و کەس بۆی نەبووە سەرپێچی یاساکان بکات (ڕۆستەم، ٢٠٠١، ٣٧).

## مێژووی هەورامان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا:

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٦٤١ز) هەتاوەکو ساڵی (١٥١٤ز) کە بە بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەم ئەم ناوچەیە دەستپێدەکات و بە شەڕی (چاڵدێران ١٥١٤ز) کۆتایی دێت. لەو سەردەمەدا بوو کە ئاینی ئیسلام گەیشتە ئەو ناوچانە و لەناو دانیشتووانی هەوراماندا بڵاوبووەوە، بەهاتنی ئیسلام، کاری شورا (ژیلاومەرێ) تەواو بوو، هەربۆیە هەتا ساڵی(١٠٠٠ز)، هەورامان لەڕێگەی ئیدارەی گشتی خەڵکەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵام لەدوای ئەم ساڵەوە کەسێك دەکرێت بەفەرمانڕەوا کە ناوی (بەهمەن) بووە و لە سەرچاوەکاندا بە (بەهمەنی سێیەم) ناوی هاتووە و لەساڵی(١٠٠١ز) بەتەواوەتی دەستبەکار بووە, ئەمەش دەبێتە بناغەی دەسەڵاتێکی ناوچەیی لە هەورامان بەناوی (سان نشین)، کە لە دوای مردنی بەهمەن لە ساڵی (١٠٥٦ز) نەوەکانی دەسەڵات دەگرنە دەست، هەتاکو ساڵی (١٩٣١ز )، لەو ماوەیەدا (٣٥) سان فەرمانڕەواییان کردووە (حەمەصاڵح، ٢٠٠٦، ٤٩؛ فەرەج، ٢٠٠٠، ٣٠-٣١؛ شەیدا، ٢٠٠٧، ١١١).

هەر لەم ماوەیەدا چەند میرنشینێك لە چوارچێوەی سنوری کوردستاندا دەسەڵات پەیدا دەکەن، وەك میرنشینەکانی (ئەردەڵان) و (بابان)، کە سانەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بەم میرنشینانەوە, ئەوانیش لە هەمان کاتدا لەژێر ڕکێفی دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەفەویدا بوون (حەمەصاڵح،٢٠٠٦, ٥٢).

## مێژووی هەورامان لە سەردەمی نوێدا:

ئەم قۆناغە لە شەڕی چاڵدێرانەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم، واتە لە نێوان ساڵانی (١٥١٤–١٩١٤ز) لەماوەی ئەم چوار سەدەیەدا شەڕ و پێکدادانێکی زۆر ڕووی داوە لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب و عوسمانی سوننە مەزهەب، کە ئەمانە دەسەڵاتیان هەبووە بەسەر ناوچەکەدا و بەشێکی زۆری سنوری وشکانیان کوردستان بووە، هەورامانیش وەك ناوچەیەك لە کوردستان بووەتە بەشێك لەو سنورە، ئەگەر لە ناوخۆی کوردستانیش کۆمەڵێك میرنشین دامەزرابن، هەر لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو دەوڵەتەدا بوون و بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئەرك و مافیان بۆ دیاری کراوە. یەکێك لەو میرنشینانە (میرنشینی ئەردەڵان) بووە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ناوچەیەکی فراوانی هەورامانی بەدەستەوە گرتووە. سەرەڕای بوونی ئەم دەسەڵاتانە، بەڵام سانەکانی هەورامان لەو ماوەیەدا لە بەهێزترین ماوەی دەسەڵاتیاندا بوون و زۆرترین سان لەو ماوەیەدا فەرمانڕەواییان کردووە، کە گرنگترینیان ( بارام میرزا سان، عباس قولی خان، حەسەن سان، حمە سەعید سان، جافر سان ) و چەند سانێکی دیکەش (ڕۆستەم،٢٠٠١, ٥٥-٩٧).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، لەو سەردەمەدا و لەساڵی (١٨٢٢ز) تەریقەتی (نەقشبەندی) دەگاتە ئەو ناوچەیە لەسەر دەستی (شێخ عوسمان سیراجە دین) تەوێڵەیی, دواتر تەریقەتەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئاڕاستە کردنی ڕووداوە سیاسییەکاندا (مودەریس، ١٩٨٣، ١٥).

لەدوای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم کە بە مێژووی نوێ ناسراوە و تا ئێستاش بەردەوامە، گرنگترین ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە سەرهەڵدانی چەند بزووتنەوە و ڕاپەڕینێك بووە لەلایەن سەرکردەکانی هەورامان وەك جافرسان و محمود خانی دزلی، بەرامبەر هەریەکە لە تورك و قاجار و ڕووس و ئینگلیز، ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت هەورامییەکان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

## تەوەرەی دووەم: ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناوچەی هەورامان:

### لایەنی ئابووری:

لایەنی ئابووری لە هەرکۆمەڵگەیەکدا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە و بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری هەیە لەسەر بوارەکانی تری ژیان و بەتایبەتی لەسەر لایەنی سیاسی, لێکۆڵینەوە لە ئابووری هەر کۆمەڵگەیەك گرنگە, چونکە جۆر و ئاستی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا دەستنیشان دەکات. ئابووری لە ناوچەی هەورامانیشدا لە ئاستێکی باشدا بووە, لەڕوی ئابوورییەوە هەورامان ملی کەچ نەکردوە لەکاتی تەنگانەدا بۆ ناوچەکانی دەورو بەری, یان دوژمنانی, بەڵکو زۆربەی کاتیش یارمەتی دەرێکی باش بووە بۆ ناوچەکانی دراوسێی, دیارە ئەمەش بەهۆی زرنگی وکۆڵنەدان و بە سەلیقەیی دانیشتوانە کەیەوە بووە (محمد، ٢٠٠٥,٥٠).

بەدرێژایی مێژوو ئەگەر سەیری ئابووری ناوچەی هەورامان بکەین دەبینین ئابووری ئەم ناوچەیە شێوازی خود کەفاییە، واتە هەر خۆیان پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان بەرهەمهێناوە، لە جل و بەرگ و خواردن و پێداویستیەکانی ناو ماڵ, وە بۆ پێداویستییەکانی تریشی پەنایان نەبردووەتە بەر هیچ شوێنێکی دیکە (ڕۆستەم،٢٠٠٦، ٣٥٨-٣٦٠).

گرنگترین بنەما ئابووریەکانی ئەم ناوچەیەش ئەمانەن: (باخ و باخ داری, پیشەسازییە دەستییەکان, کشتوکاڵ و جوتیاری, ئاژەڵداری, کاروان چیەتی و بازرگانی) ڕێژەی گرنگی پێدانی ئەم بنەمایانەش لەلایەن دانیشتووانی هەورامانەوە جیاوازی هەیە, وە سروشت وجوگرافیاش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە دروست کردنی ئەو جیاوازیانەدا.

بەپێی یاسای بەرهەمهێنان لە کوردستان و هەوراماندا یاسای سروشتی زاڵە، لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستان وە هەبوونی واقیعێکی سیاسی سەپێنراو لەلایەن داگیرکەرەوە وای کردووە کە لە بواری ئابوورییەوە بەشێوەیەکی سروشتی و بەپێی یاسای گۆڕان گەشەی نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵگە لەژێر کاریگەری ئەو واقیعی بەرەنگاربوونەوەیەدا و لە ململانێیەکی نابەرابەریدا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕێگر بێت لە گەیشتنی ئامرازی نوێ بۆ ناوچەکە و ئابووری ناوچەکەش لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە وەك خۆی ماوەتەوە، وە ئەو بەرهە کۆمەڵایەتیەش کە زادەی کۆمەڵگەی هەورامانە وەك پرۆژەیەکی ڕەسەن لەلای هەر مرۆڤێکی هەورامی بەرجەستە بووە، لە هەمانکاتدا بۆتە هۆی بەهێزی ئینتما نیشتمانییەکەی بۆ ناوچە و کۆمەڵگەکەی خۆی، ئەوەش بە چەشنێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لە پەوەندی و مامەڵە کردنیان لە هەر جێگە و شوێنێکی دەرەوەی هەورامان وەك خەسڵەتێکی دیار ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە مۆرکێك کە خەڵکی هەورامانی پێ بناسرێتەوە (ڕەشید،٢٠٠٢,١٥٠-١٥١).

### لایەنی کۆمەڵایەتی:

ژیانی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو ڕێگە و ڕێبازانە دەگرێتەوە کە تاك یان کۆمەڵ دەیانگرنە بەر بۆ دابینکردن و ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانیان، ئەو ڕێبازانەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازیان هەیە، لە سەرەتاوە ساکار و ئاسان بوون، پاشان بەپێی کات ئاڵۆز و گرانتر بوون. پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەك ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەن. گەشە کردنی ئەم پەیوەندیانەش پەیوەستە بە گەشە کردنی ئاستی فیکری و ڕۆشنبیری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە.

ناوچەی هەورامان خاوەنی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەکانی دیکە. هەورامییەکان لە ناوچەیەکی کێوی و شاخاوی ڕژد و سەختدا دەژین کە لە هەموو لایەکەوە دیواری بەرزی سروشتی دەوری داوە و سیستەمی ژیانیشیان وەکو نیشتمانەکەیان بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دەوروبەریان جۆرێکی جیاوازە (نیکیتین،١٩٩٧,٤٩٣), ئەم جیاوازییەش ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی لە ناوچەکەدا دروستکردووە، بەتایبەتی لە شێوازی ئاخافتن و جل و بەرگ یانەوە دەردەکەوێت (منتشاڤیلی، ٢٠٠٨، ١٢٢).

یەکێك لەو لایەنانەی کەوا هەورامان لەڕووی کۆمەلایەتییەوە جیا دەکاتەوە لە ناوچەکانی تری کوردستان ئەوەیە کە ئەقڵیەتی خێڵایەتی لەم ناوچەیەدا بەدرێژایی مێژوو زاڵ نەبووە، واتە کۆمەڵگەی هەورامان دابەش نەبووە بەسەر خێڵ و هۆزدا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر سەرجەم کۆمەڵگەی هەورامان چونکە کێشە کۆمەلایەتییەکان کەمتر ڕوویان داوە، ئەگەر کێشەش ڕووی دابێت چارەسەر کردنی ئاسان بووە.

جگە لەمەش نەبوونی ئەقڵیەتی خێڵایەتی وای کردووە کە گیانی هاوکاری و هەماهەنگی لەناو هەورامیەکاندا زیاد بێت وە بوونی هەرەوەزی لەم ناوچەیەدا گرنگترین نمونەن بۆ ئەم هاوکاریانە (ڕۆستەم، ۲۰۰۱، ۳٦۷).

هەوەک نیشتەجێ بوون یەکێکی دیکەیە لەو تایبەتمەندییانەی کە لە هەوراماندا بەدی دەکرێت، چونکە هەورامییەکان لە کۆنەوە نیشتەجێ بوون و گوند و شارۆچکەیان دروست کردووە و بەجێیان نەهێشتووە، وەکو بەشێک لە ناوچەکانی تری کوردستان نەبوون کە گەرمیان و کوێستانیان کردووە (محمود و ڕۆستەم، ۱۹۹۹، ۷).

وەک ئاشکرایە نیشتەجێ بوون یەکێکە لە بنەماکانی دروست بوونی شارستانیەت، هەرچەندە فاکتەری جوگرافی ڕێگر بووە لە فراوانبوون و گەورە بوونی مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بوون, کەمی ڕووبەری تەختایی وای کردووە کە ئەم مەڵبەندانە لە ئاستی گوند یان شارۆچکەدا بمێننەوە, لە کۆمەڵگەی هەوراماندا تاکەکان پێگەی تایبەتیان هەبووە جا ئەم تاکە (نێر بێت یان مێ) پەیوەندی ڕۆژانەیان بە یەکترەوە هەبووە، سنوری یەکتریان نەبەزاندووە, چونکە بە پێی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەماهەنگ هەڵسوکەوتیان کردووە. هەر یەکێکیش چەند ڕۆڵێکی وەرگرتووە، کە هەرکامیان تەواوکەری کارەکانی تر بوون، وە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەی هەورامان بەپێی گیانی سەردەم لە گۆڕاندا بوون (ڕەشید، ۲۰۰۲، ۱۵۳).

لە کۆمەڵگەی هەوراماندا تا ڕادەیەك جیاوازی نەکراوە لە نێوان ژن و پیاودا، چونکە هەردووکیان وەکو یەك ڕۆڵیان بینیوە لە ڕاگرتنی ستونی ئابووری و بژێوی ژیاندا، بە تایبەت ژنان، چونکە ڕەگەزی مێینە پێشتر کچی باوکێکی ڕەنجبەر و خوشکی برایەکی کارکەر بووە، بۆیە ئاسایی بووە کە ژنێکی لێهاتوو و کارامە بێت لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا.

کۆمەڵگەی هەورامان لە ڕووی چینایەتییەوە دابەشدەکرێت بەسەر سێ چینی سەرەکیدا کە بریتین لە: چینی دەرەبەگ و خاوەن دەسەڵاتەکان, چینی پیاوانی ئاینی ( شێخ و مەلا و سەید و زانا ) و چینی گشتی (محمد، ۲۰۰۵، ۱٦۰-۱٦۷).

## لایەنی فەرهەنگی:

ناوچەی هەورامان خاوەنی لایەنی فەرهەنگی ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆیەتی, بەڵام ئەویش وەك بەشێك لەکوردستان, چونکە گیانێکی بە هێزی نەبووە پارێزگاری لەبواری فەرهەنگی خۆی بکات و بەرەو پێشەوەی بەرێت، بەهۆی ئەو داگیرکاریانەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتون لەلایەن داگیرکەرانەوە, وای کردووە, کە مێژووی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ناوچەکە مەترسی لەناوچوونی لەسەر بێت و ناوچەکەش بەو پێیە بووەتە شوێنێك بۆ ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری دەسەڵاتە داگیر کەرەکان. سەرەڕای هەموو ئاڵەنگارییەکان خەڵکی ناوچەکە توانیویانە پارێزگاری لە بەشێکی کەم لە فەرهەنگ و مێژووی خۆیان بکەن و بە ڕادەیەکی کەمیش بەرەو پێشەوەی بەرن و بیکەنە بەڵگەیەك بۆ ئەو بەشەی کە لەناو چووە, بەتایبەتی لایەنی ئابووری و خوێندەواری هەر لە کۆنەوە ناوچەکە بووەتە مەڵبەندێکی گەورەی خوێندن و خوێندەواری و پێش کەوتنی بواری فەرهەنگی.

دەتواندرێت بوترێت سەرەتای ئەم ڕەوتە لە سەردەمی ئیسلامدای سەریهەڵداوە، لەم سەردەمە ئەم ناوچەیە بووەتە مەڵبەندێکی گەورەی خوێندنی ئیسلامی، هەروەها بەشێکی زۆری دێهاتەکانی ئەم ناوچەیە کە ماون, لە سەردەمەکانی پێشتریش هەبوون مێژوویەکی دێرینان هەیە و دەوری تایبەتی خۆیان هەبووە (توداری، ۱۹۷۰، ۵).

ئەگەر سەیری هەورامان بکەین, بەشێکی زۆری دێهاتەکانی هەورامان ناوەندی خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری بوون، کە گرنگترینیان (تەوێڵە و بیارە) یە, کە وەك ئەزهەرێکی بچوك سەیر کراون (محمد، ۲۰۰۵، ۱۹۹).


## باسی دووەم: شوێنەوارەکانی هەوارامان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریدا:

دابەشبوونی ناوچە شوێنەوارییەکانی هەورامانی بەشی باشوری کوردستان:
توێژینەوەکە گرنگیدانە تەنها بەبەشێکی هەورامان، و ئەمرۆ لە ناو سنوری هەرێمی کوردستانی عیراقدایە و ڕوبەرێکی کەمترە بە بەراورد بە سنوری هەورامانی گەورە، و ڕوبەری چەند گوندێک وەرگراوە لە بەشی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و بە دیاری کراوی ئەو ناوچانەی دەکەونە دامێنی چیاکانی وەک (تەتە و دالانی و شاهۆ و کەمانجەرِ و ڕەنگین و سورێن) و لە ناو ژمارەیەکی زۆر شوێنەواردا تەنها چەند شوێنێکی دیاریکراومان هەڵبژاردووە، و بەو پێیە گەشتیار لە ئێستادا دەتوانێت سەردانی ئەو شوێنانە بکات بە کەمترین ماندووبوون، تارادەیەک ڕێگای هاتووچۆی ئۆتومبیلیشیان پێگەیشتووە.
زاراوەی شوێنەوا، بە ئینگلیزی (Archaeology) لە وشەی (Archaios)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بەواتای (Arche) واتە کۆن یان سەرەتایی دێت، (Logos)، کە پاشگرێکە دەچێتە سەر ناوەکە، پێکەوە دەبێت بە شوێنەوارناسی، لە بنەڕەتدا شێوازێکە بۆ بونیادنانەوەی ڕابردوو لە شوێنەوارەکانی، کە لە ڕابردوودا ماوەتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی زانستەکە پەیوەندی بە شوێنەوارە مادییەکانی مرۆڤەوە هەیە، واتە هەموو ئەو

شتانەی کە مرۆڤ دروستیکرد و لە ئامرازە سەرەتاییەکانەوە، هەتا خانوو کۆشک و تەلار هەموو ئەو پاشماوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت ( Diksht, ،١٩٩٥،١).

لەبەرئەوەی یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکان کە ناوچەی هەورامان جیادەکاتەوە لە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە هەورامییەکان، هەرلە سەردەمانی کۆنەوە نیشتەجێبوون(جبار،٢٠٢٠, ٣٨), بەپێچەوانەی ناوچەکانی دەوروبەری کە کۆچەربوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە پاشماوەی شوێنەوارێی جۆراوجۆر و فراوان لە ناوچەکە بەجێ بمێنێت، دیارە ئەم نیشتەجێ بوونەش لەبەر چەند هۆکارێک بووە وەک هەبوونی سەرچاوەی کانیاوی فراوان و زنجیرە چیای بەرز کە هەمیشە وەک دیوارێکی سروشتی بۆ پارێزگاری بەکارهاتوون، هەروەها ئەو سەرچاوەی بژێویەی کە هەورامییەکان پشتیان پێبەستووە کە باخداری بووە، پێویستی بە نیشتەجێ بوون بووە. ئەم دیاردەی نیشتەجێبوونەش هۆکارێکی گرنگە بۆ هەبوونی شوێنەواری مێژوویی لە سەرجەم قۆناغەکاندا.
لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی کە ئەم ناوچەیە هەر لەکۆنەوە جێگەی سەر هەڵدانی چەندین بیروباوەڕی ئاینی جیاجیا بووە، ئاینە کۆنەکانی وەک دیاردەی (سروشت پەرستی) پاشان دانیشتوانی ناوچەکە بەشێوەیەکی فراوان بووەتە پەیڕەوکاری ئاینەکانی زەردەشتی و یارسان و پاشان ئاینی ئیسلام، و پاشتریش ناوچەکە بووەتە ناوەندێکی گرنگی تەریقەتی نەقشبەندی، کە ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی چەندان شوێنەواری ئاینی جیاوان لە ناوچەکەدا هەبن.
یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هەبوونی شوێنەوار بەشێوەیەکی فراون لە هەورامان، ئەوەیە کە بەپێی سەرچاوکان ناوچەی چیاکانی زاگرۆس بەگشتی مەڵبەندی سەرهەڵدانی چەندان دەسەڵاتی چۆراوجۆر بووە لە کۆندا لەوانە دەسەڵاتەکانی وەک( لولوبی و گوتی)( ئەحمد و ڕەشید ،٢٠١١،٦٨)، هەروەک ناوچەکە کەوتوەتە بەر لەشکری دەسەڵاتە بێگانەکانی وەک (ئاشوری وبابلی)(بیگری،٢٠٠١، ٩٧).
ئەم هۆکارانە بەگشتی بونەتە پاڵنەری گرنگ بۆ هەبوونی چەندین شوێنەوار لە ناوچەکەدا، بەشێکیان ناسروان و کۆڵینەوەیان لەسەر کراوە ژمارەیان(٦٣)شوێنەو (مصطفی،٢٠٢٤ ، ١٣٧)و مێژووەکەیان بۆ هەموو قۆناغەکان کۆن و ناوەڕاست و نوێ دەگەڕێتەوە،و بەشێکیشان هەتا ئێسا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.
هەبوونی ئەو ژمارە فراوانەی شوێنەوار و دابەشبوونی ئەم شوێنەوارانە بەسەر سەرجەم پانتایی ناوچەکەدا، هۆکارێکی سەرەکیە و وای لە ئێمە کردووە کە لە توێژینەوەکەماندا ناوچەکە دابەش بکەین بەسەر چەند بازنەیەکدا، و کە ئێمە بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەڕاستەی دەستڕاگەیشتنی گەشتیاران بەم ناوچە شوێنەوارییانە ئەم بازنانەمان جیا کردووەتەوە.

نەخشەی ژمارە (2) دابەشبوونی شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکانی ناوچەی هەورامان.




سەرچاوە: توێژەران

## بازنەی یەکەم :شوێنەوارەکانی گوندەکانی هێلانیێ و هانەی قوڵ:

ئەم بازنەیە دەکەوێتە باکوری قەزای خورماڵ و بەدووری چەند کیلۆ مەترێک لە بناری شاخەکانی هەورامان هەڵکەوتووە و لە دوو گوند پێکهاتووە، کە ئەوانیش گوندەکانی هێلانیێ و هانەی قوڵن،کە ڕێگەی گەیشتن بەم گوندانە یەک ئاراستەیە و دراوسێ گوندن، مێژووی ئەم دوو گوندە جیاوازە، بەڵام خاوەنی چەند شوینەوارێکی گرنگن و دەکرێت ئەگەر لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر بکرێت شوێنەواری زیاتر بدۆزرێتەوە، چونکە هەڵکەوتەی ئەم دووگوندە گونجاوبووە بۆ ژیان، لێرەدا گرنگترین شوێنەوارەکانی ئەم دووگوندە دەخەینە پێش چاو، کە دەکرێت بە گرنگی پێدانێکی کەم ژمارەی گەشتیاران بۆ ئەم دوو گوندە ڕوو لە زیادبوون بکەن.

## دەرەی قەڵاگا:

ئەم شوێنەوارە بریتیە لە دەرە(دۆڵێک)ی بچوک لە بەرزاییەک لێژ دەبێتەوە بۆخوارەوە،چەند بەرزاییەک لە شێوەی تاوێرەبەرد یەک لە دوایەک لەلاتەنیشتی دۆڵەکەدا هەن و لە شێوەی قەڵای بچوکدان، لەسەرەوە بەرەو خوارەوە لێژ بونەتەوە بە ئاراستەی دۆڵەکە، دەکەونە ناو سنوری جوگرافیای گوندی یالانیێ وە و لە ڕۆژ ئاوای گوندەکەدا هەڵکەوتووە.

هەرچەندە لە بنەڕتدا ئەم شوێنەوارە هیچ کارێکی هەڵکۆڵینی زانستی بۆ ئەنجام نەدراوە، بەڵام لە کۆتایی نەوەدەکادا چەند پارچەیەکی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە لەگەڵ چەند گۆڕێکی جیاواز(محمد، ٢٠١٧،٢٢١).

## مەزاری محمودخانی دزڵی:

هەڵکەوتەی ئارامگایە دەکەوێتە سنوری گوندی هانەی قوڵ و باشوری گوندی هێلانیێ، محمودخان خۆی یەکێکە لە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەی هەورامان و کە هاوکاری شۆڕشەکانی شێخ محمودی حەفید بووە، لە ساڵی (١٩٤٦ز) کۆچی دوایکردووە، و هەر لە گوند هانەی قوڵ بە خاک دەسپێردرێت، و لە ئێستادا ئارامگە و مەزارێکی بۆ دروستکراوە لەسەر تاشەبەردێکی گەورە کە ژیاننامە و چەند پارچە شیعرێکی تێدا

نەخشێنراوە، هەرچەند مەزارەکە لە جێگەیەکی دورە دەست و دور لە ڕێگەی قیرتاوکراوە, بەڵام دەکرێت بە گەیاندنی ڕیگەیەکی گونجاو بۆ ئەم مەزارە، ژمارەی سەردانیکەرانی ڕو لە زیاد بوون دەبێت (مارف، ٢٠١٤،١٤٣-١٥١).



وێنەی ژمارە (١) مەزاری مەحمودخانی دزڵی سەرچاوە توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣

## بازنەی دووەم:شوێنەوارەکانی چەمی زەڵم و ئەحمەد ئاوا;

چەمی زەڵم و ئەحمەدئاوا یەکێکە لە ناوچە گەشتیاریە گرنگەکانی کوردستان، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەو گەشتیاران کە ڕوو لەم ناوچە گەشتیاریە دەکەن، لەبەر پێگە شوێنەواریەکەی نییە، هەرچەندە ژمارەیەکی باش شوێنەواری گرنگ لەم چەمەدا هەڵکەوتووە، بەڵام نەتوانراوە بە شیوەیەک بەرچاو سود لەم شوێنەوارانە ببینرێت، کە بەدرێژایی ئەو دۆڵە بونیان هەیە کە لە سەرەتای گوندی ئەحمەد ئاوا دەستپێدەکات هەتا دەگاتە باکوری گوندی زەڵم و شوێنەواری شورا و قەڵا و ئەشکەوتەکان هەڵکەوتوون.

**قەڵای خان ئەحمەدخان:**گومانی تێدانیە ئەم قەڵایە بۆ سەردەمێکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە، دەرکەوتووە لەم قەڵایە هیچ ماددەیەکی بیناسازی بەکار نەهاتووە تەنها لە هەندێک کاری لاوەکیدا نەبێت بەڵکۆ هەڵکۆڵینی ئەو شاخە بەهۆی تۆنێلی پێچاو پێچ بووە.

(عبدوالرقیب یوسف) توێژە لە بواری قەڵاکانی زەڵمدا دەڵێت((پێدەچێت سەردەمی دروستکردنی ئەم قەڵایە کەبە شێوەی تۆنێل بە شاخەکەدا هەڵکۆڵدراوە بو سەردەمی ئەشکانییەکان بگەڕێتەوە بە هەڵە ناوی خان ئەحمەد خانی پێوە لکا بێت, بەم پێیە بێت سەردەمی دروستکردنی ئەم قەڵایە زۆرلە مێژووی خان ئەحمەد خان و هەموو میرانی ئەردەڵان کۆنترە، بەڵام ئەوان توانیویانە سودی لێ ببینین وەک قەڵایەکی خۆیان بە کاری بهێنین و دواتریش بەناوی ئەوانەوە بناسرێتەوە پێکهاتەکانی قەڵاکە بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە(شوراو دیوار، دەروازە، قوللە: قادرمە، گۆڕ بە پێکهاتەی بیناسازی، ژوور، هەیوان) (صابر، ٢٠١٤-٧٦،٧٨ ).

## ئەشکەوتی کوڕوکچ :

ئەم ئەشکەوتانە دەکەونە ناودۆڵێک کە پێی دەوترێت وشکەناو، بە دامێنی شاخەکەوە لەبەامبەر یەکترەوە هەڵکۆڵدراون، و لەلای ڕاستی دۆڵەکەوە لەبەرزی (١٠٠)م ئەشکەوتی کچ هەڵکۆڵراوە و خەڵکی ناوچەکە بە کۆشک ناوی دەبەن،کە ناویشیدا حەوزێک هەڵکۆڵدراوە، هەروەها ئەشکەوتی کوڕ لەبەرامبەری و لەلای چەپی دۆڵەکە هەڵکەوتووە، هەر لەنزیکی ئەم دوو ئەشکەوتە و لە باکوری گوندی زەڵم ئەشکەوتێکی دیکە هەیە و هەڵکۆڵراوە، لە ناو دۆڵێکی دیکەدایە بەناوی دۆڵی(کەڕەجاڵ) ئەم ئەشکەوتانە خاوەنی مێژوویەکی گرنگن و دەکرێت لەپەنای سروشە گونجاوەکەیدا هۆکارێکی گرنگ بن بۆ گەشە پێدانی گەشتووگوزاری ناوچەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگەی گەیشتن بۆ ئەم ئەشکەوتانە زۆر سەختە و ئۆتۆمبیل ناگاتە لایان، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی گەشتیار لە ئاستی گرنگی ئەم شوێنەوارانەدا نەبێت( ئەحمەدئاوایی، ١٠-١٢, ٢٠٢١).

## شوێنەواری ئەشکەوتی خەزێنە:

هەڵکەوتەی ئەم ئەشکەوتە بەدوری (٥٠)م لە نزیک گوندی ناوباخان هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە بەرامبەر گوندی ئەحمەد ئاوا، هەرچەندە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەی شوێنەواری تێدا ئەنجام نەدراوە، بەڵام پێدەچیت مێژووی شوینەوارەکە بۆ سەردەمی ماددەکان بگەڕیتەوە، چونکە شوێنەوارەکانی دەوڵەتی ماد لەناوچەکانی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان بڵاو بونەتەوە، ئەشکەوتەکە هەڵکۆڵراوە لەسەر بەردێکی گەورە کە

شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە بە تیرەی (٢م پانی  بە ٢م درێژی)، کە دەرگاکەی شێوەیەک دروست کراوە کە پێدەچێت بەشێکی هەبووبێت بۆ داخستنی دەرگاکەی بەڵام لەناوچووە و نەماوە(زەلمی،٢٨،٢٠٠٨؛ بەهمەنی، ٢٠٠٣، ١٢).

## پاشماوە شوێنەواریەکەنی دیکە:

لەم بازنەیەدا جگە لەم شوێنەوارانە چەند شوراو و قەڵا و دیواری مێژوویی هەن بەڵام تا ئێستا ئاوریان لێنەدراوەتەوە و پێویستیان بە زیاتر ناساندن و دەرخستنیانە وەک پێگەی شوێنەواری و گەشتیاری.



وێنەی ژمارە (٢) ئەشکەوتی کورەکچ: توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣



وێنەی ژمارە (٣) ئەشکەوتی خەزێنە: توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣

## بازنەی سێیەم: شوێنەوارەکانی گوندەکانی سەرگەت و دەرەیمەڕ:

مەبەستمان لەم بازنەیە ئەو شوێنەوارانەیە کە دەکەونە چەمی سەرگەت و دەریمەڕ کە گەشتیاران دەتوانن لە هەمان کاتدا سەردانی سەرجەم شوێنەوارەکانی ئەم دوو گوندە بکەن، ئەم دوو گوندە لە بناری چیاکانی هەورامان و لە دوری(٨)کم لە قەزای خورماڵ هەڵکەوتوون، هەرچەندە ئەم دوو گوندە خۆیان دەتوانرێت وەک گوندی شوێنەواری دابنرێن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند مەزارگە و ئەشکەوتی داتاشراوی تێدایە، وسالآنە گەشتیاران بەمەستی جیاجیا ڕوو یان تێدەکەن لێرەدا گرنگترینیان باس دەکەین.

## گۆڕستانی باواناوس:

ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە گوندی سەرگەت کە یەکێکە لە گوندە سەوز و جوانەکانی ناوچەکە، کۆنترین ئاماژە کە بە ناوی گوندەکە درابێت بەیتێکی باواناوسە کە مێژووەکەی بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی دەگەڕێتەوەکاتێک ئاماژە بە ناوی دووگوندی هەورامان دەکات بەناوەکانی (سەرگەت)و (گلێت)، ناوی گۆڕستانەکە لە یەکێک لە کەسایەتیەکانەوە وەرگیراوە،کە ناوی (ئیبراهیم) بووە،و بە باواناوس بەناوبانگ بووە،و لەو گۆڕستانە نێژراوە، بە پێی سەرچاوەکان ئەم کەسە لە ساڵی ٤٧٧ک/ لە گوندی سەرگەت لەدایک بوون، کوڕی ئەحمەد جافە، لە سەرچاوەکاندا قسەو باسی جۆراوجۆر لە سەر بیروباوەڕو وئاینی باواناوس کراوە، بە پێی بۆچونی مامۆستا عبدوالکریم مودەریس باوا ناوس بەیەکێکە لە پیاوانی ئاینی و شێخەکانی ئاینی ئیسلام هەژماری دەکاتدەنوسێت باواناووس یەکێکە لە سەیدو پیاو چاکەکانی وبەرێزەکان و لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٠ک ژیاوە و باسی ئەوە دەکات لە دوروبەری ساڵانی (١٩٧٠ز) کەسێکی ناسیاوی چەند نامەو غەزەلێکی سەردەمی باواناووسی بۆ بردووە کە ئاڵوگۆڕی نامە و شیعر بووە لە نێوان باواناوس و قازی نبێ و شێخ علی قازی بوون و مێژووەکەیان بۆ ٤٧٥ک گەڕاوەتەوە، کە ئەم شعرانە بەڵگەی ئەوەن باوا ناوس لەو چەرخەدا ژیاوە (مودەریس، ١٣٨٩، 296) بەڵام ئەو شیعرانە باسی نەسەبیان تێدا نەبووە  لەسەرچاوەکانی ئاینی یارساندا بەیەکێک لە گەورە پیاوانی ئەو ئاینە دێتە هەژمار (هەورامانی، ١٩٨٤، ٢٦٤). وە ساڵانە پەیڕەوکارانی ئاینزای یارسان دەچنە سەرگەت بۆ سەرمەزاری باواناوس هەندێک لە لێکۆڵەرەوان بە یەکێک لە پیاوچاکانی ئاینی ئیسلام دانراوە، و پەیڕەوکارانی ئاینی یارسانیش بە یەکێک لە پیرانی خۆیانی دەزانن،هەر لەبەر ئەمەش پەیڕەوکارانی هەردوو ئاینەکە سەردانی ئەکەن.

## شوێنەواری گوندی دەرەی مەڕ:


گوندی دەرەیمەڕ یەکێکە لە گوندە شوێنەوارییە گرنگەکان کە تاکو ئێستا ئەم گوندە بەڕوونی مێژووەکەی دیار نییە، هەرچەندە گوندەکە لە ئێستادا چۆڵە، بەڵام سەردەمانێک ئاوەدانبووە، و بەزۆری ژمارەی ئەشکەوتەکانی دەناسرێتەوە،کە بەشێکیان سروشتین و بەشەکەی تریان هەڵکۆڵراون، و دانیشتوانەکەی وەک و خانوو ئەم ئەشکەوتانەیان بەکارهێناون و تێیدا نیشتەجێ  بوون، سەڕای ئەوەی ناوەندی گوندەکە دەتوانرێت وەک گوندێکی مێژووی شوێنەواری بناسرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی گۆڕ و ئەشکەوتی کۆن گوندەکە دەکەنە ناوەندێکی شوێنەواری گرنگ( سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە،٢٠٢٥/٢/٢٨، کاتژمێر چواری عەسر).

## ئەشکەوتی گاوران:

هەر لەو چەمەی کەدەکەوێتە نێوان هەردوو گوندەکە، لەدووری (١)کیلۆمەتر لە گوندی سەرگەت و لەناو چەمی دەرەیمەڕ، ئەم ئەشکەوتە هەڵکەوتووە، کە لە شوێنێکی سەختدایە و لەڕێگەی ئەو پلیکانانەوە دەچیتە ناوی کە هەڵکۆڵراون و ژمارەیان(٤٠) پلیکانەیە، ئەم ئەشکەوتە لە ژورێک و هەیوانێک و بەرهەیوانێک پێکهاتووە(سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٢ ، (سەرگەتی، ٢٠١٥، ٢٠).



وێنەی ژمارە (٤) شوێنەواری گوندی دەرەی مەڕ: توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣



وێنەی ژمارە (٥) ئەشکەوتی گوران توێژەران ٣/٤/ ٢٠٢٥

## بازنەی چوارەم: شوێنەوارەکانی گوندەکانی گوڵپ و باخەکۆن و نارنجلە:

ئەم بازنەیە پێکهاتووە لە لە گوندەکانی نارنجلە و گوڵپ و باخەکۆن کە هەرسێ گوندەکە لە نزیک یەکترەوە و لە نێوان شارۆچکەکانی خورماڵ و بیارەدا هەڵکەوتوون، وگەشتیاران دەتوانن بە ئاسانی و لە یەک کاتدا دەستیان بگاتە شوێنەوارەکانی هەرسێ گوندەکە، و تارادەیەک ڕێگاو بانەکانیان گونجاوە، و بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی باش گەشتیار ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەوارەکانیان پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدرێت و لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر لەوناوچانە بکرێت، و گرنگترین شوێنەوارەکانیش لەم بازنەیە ئەمانەن.

شوێنەواری گوندی گوڵپ:گوندی گوڵپ یەکێکە لە گوندە مێژوویەکانی ناوچەی هەورامان،کۆنترین ئاماژە بە ناوی ئەم گوندە کرابێت بۆ سەدەی ٥ ک دەگەڕێتەوە، کاتێک باواناوسی سەرگەتی بە (گوڵپەت) ناوی دەبات، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان مێژووی ئەم گوندە بۆ(٢٠٠٠ ساڵ)ی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بە پێی ئەو شوێنەوار و گۆڕستانانەی لەم گوندە دۆزراونەتەوە شوێنی گوندەکە چەند جارێک گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی لە بەرچاو و روونە ئەو جێگەیە کە پێی دەگوترێ (دەگاکۆنێ)، کە بەپێی شوێنەواری ئە گوندە بێت سنورەکەی لە (دەرە فێڵاو)دەست پێ دەکات هەتاکو پشت (کانی ژەنان)، ئەوەی گرنگە لەم شوێنەوارە ئەوەیە کە خانوەکانیان دوو قات و سێ قات بوون،لەگەڵ ئەوەشدا بەردی ڕێک و جوانیان بۆ دروستکردنی ئەو خانوانە بەکار هێناووە( گوڵپی، ٢٠١٤، ١٥٣).

## ئارامگای شێخ حسامەدین نەقشبەندی لە گوندی باخەکۆن:

ئەم مەزارگەیە ئارامگەی یەکێکە لە شێخە بەناوبانگەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، کە لەساڵی ١٩٣٩ز کۆچی دواییکردووە، ئەم گوندە لە لایەن خودی ئەو شێخەوە ئاوەدانکراوەتەوە، کە ئەویش شێخ (محمد علی حسامەدین) بووە، هەر پاش ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەم شێخەوە لە ناوچەیەکی چۆڵەوانی بووەتە گوندێکی خاوەن ئاوەدانی.

ئەم شێخە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری مورید بووە و خانەقای لە چەند شوێنێک لە ئێران و عیراق هەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە پاش مردنی مەزارگای بۆ درووست بکەن، ئەم ئارامگایەی کە بۆی دروستکرا لە کاتی جەنگی عیراق ئێراندا تێکدرا، هەتا پاش ڕاپەڕین جارێکی دیکە دروستکرایەوە، پاشان لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی (٢٠٠٢) جارێکی تر لەلایەنی گروپێکی ئیسلامیەوە تێکدراو ئێسکەکانی ناوگۆڕەکەش گوزرانەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، لەپاش نەمانی دەسەڵاتی ئەو گروپانە بەڕێورەسمێکی شایستە دەگەڕێنرێتەوە شوێنی خۆی و مەزارگەیەکی شیاوی بۆ دروست دەکەن(ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٨٣), سەرەڕای ئەوەی خوێندن و فەقێ لە خانەقای باخەکۆن نییە، و لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕ و شوێنی مانەوەی تێدا نییە، بەڵام و ساڵانە سەردانیکەران لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان ڕوی تێدەکەن( مارف، ٢٠١٤، ١٤٣-١٤٤).

## قەڵای سەنگی سیاو:

ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی گوندی (نارنجلە)، بەرزییەکەی (١١٩٨م)لە ئاستی روی دەیاوە،دەکەوێتە سەر بازنەی پانی(٣٥،١٤،٤٣)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٦،١٤) خۆرهەڵات، لە دوری (٧,٧) لە ناحیەی بیارەو (١٢,٣کم) لە ناحیەی خورماڵ هەڵکەوتووە،،ئەم قەڵایە حەوزێکی هەڵکۆڵراوی هەیە و لە نزیک کانیاوی گەورەی سەنگی سیاو دروستکراوە و دەڕوانێت بەسەر هەردوو دیوی دۆڵی نارنجلەدا (عارف و مصطفی و رەشید، ٢٠١٩، ١٠٣).

## شوێنەواری کڵاوەی ئاشور:

ئەم شوێنەوارە بریتیە لە گردێک یان پانتاییەک لەشێوەی نیمچە گردێکدا لەبەرزییەک هەڵکەوتووە،بەشێوەکی لاکێشەیی سروشتی هەیە و دەکەوێتە نزیک گوندی نارنجلە، مێژووەکەی بۆسەردەمی ئاشورییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک پاش گەلە کۆنەکان (گوتی،لولوبی......)دەسەڵاتیان دەگاتە ناوچەکانی ئەمڕۆی کوردستان و هەورامان، و بەتایبەت لەسەردمی ئاشوری نوێدا، ئەم قەڵایە جگە لەوەی نیشانەی هێا و دەسەڵاتی ئاشورییەکان نیشان دەدات،وەک مۆرکێکی ئاشورییەکانیش بۆ شوێنەکە کە تائێستاش کە ٣٠٠٠ساڵە ماوەتەوە(صالح،٢٠٠٤، ٨٢).



وێنەی ژمارە (٦) شوێنەواری گوندی گوڵپ
توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣



وێنەی ژمارە (٧) ئارامگەی شێخ حیسامەدین
توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣



وێنەی ژمارە(٨) قەلای سەنگی سیاو
توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣

## بازنەی پێنجەم : شوێنەوارەکانی گوندەکانی بیارە و تەوێڵە:

ئەم بازنەیە یەکێکە لە بازنە گەشتیاریە گرنگەکانی ناوچەی هەورامان، کە گوندەکانی بیارەو تەوێڵە و چەند گوندێکی دیکە پێک هاتووە، و خاوەنی چەند شوێنەوارێک و پێگەیەکی ئاینیە، کە گرنگترینیان خانەقاکانی بیارە و تەوێڵەن، و لە پاڵ ئەمانەشدا چەند شوێنەوارێکی دیکە هەیەکە تا ئێستا گرنگیان پێ نەدراوە، بەڵام ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سەردانی ئەو شوێنەوار و مەزارە ئاینیانە دەکەن کە لەم ناوچەیەدا هەن.

## خانەقای تەوێڵە:

بنەڕەتی دروستکردنی ئەم خانەقایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٢٧٣ک) کاتێک شیخ عوسمان نقشبەندی لە تەمەنی پیریدا خانەقایەکی بچوکی بنیادنا، پاشان کوڕەکەی شێخ محمد بهائەدین نۆژنیکردوتەوە و فراوانی کردووە(ڕۆستەم:٢٠٠٤، ٢٥٣)، و لەکاتەدا ١٧ ژووری تێدا دروستکراوە بۆ مانەوەی ئەو فەقێیانەی لەوێ خوێندوویانە، کە مەولەوی شاعیر لەیەکێک لە ژورانە ماوەتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە بەشیک لەو کەسانەی کە شەیدای شیعرن سەردانی خانەقاکە بکەن و بە پیرۆزی دەزانن.

لەم خانەقایە گۆڕی شێخ عوسمان سراجەدین، وشێخ ئەحمەدی کوڕی لەم خانەقایەدان، کە شیخ عوسمان بەناوبانگترین جێگرەوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە،


## خانەقای بیارە:

مێژووی دوستکردنی ئەم خانەقایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠٧ک)،لەسەردەستی یەکێک لە شیخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دروستکراوەکە ئەویش (شیخ عومەر بهاالدین)ە،کە لەپاشاندا بووەتە ناوەندێکی گرنگی ئەم تەریقەتە، و لەئێستادا گۆڕی ژمارەیەک لە شێخە بەناوبانگەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لەناو ئەم خانەقایەدان، و سەردەمانێک ئەم خانەقایە ناوەندی پێگەیاندن و فێرکردنی چەندین مەلا و زانای ئاینی کورد بووە، کە دەتوانرێت بەیەکەمین قوتابخانەی ئاینی لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە، و چەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە، و بەپێی سەردەمەکە فروان کراوە، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم خانەقایە ئەوەیە کە دەوترێت دوو تاڵ لە ڕیشی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)


تێدا پارێزراوە، کە لەلایەن سوڵتان عبدولحەمیدی وەک دیاری دراوەتە شێخەکانی هەورامان، هەر ئەمەش وایکردووە کە خانەقاکە بە (المحاسن الشریفە) ناسراوە(ڕەشید،٢٠٠٧، ١٨١).

ئەم هەموو تایبەتمەندییانەی کە لە خانەقای بیارەدا هەیە، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە گەشیاربەمەستی ئاینی و بینینی ئەو شوێنەوارە ئاینیە گرنگەی ڕوو لە بیارەو خانەقاکەی بکەن، کە بەشێکیان لە ناوخۆی کوردستان وعیراق بەسەرجەم پارێزگاکانیەوە ڕوو تێ بکەن،و بەشێکی تریان لە وڵاتە جیاجیاکانی وەک وڵاتی(ئێران ،تورکیا، سوریا، وڵاتانی دیکەی عەرەبی).

جگە لە سروشتە جوانەکەی ئەم خانەقایە شارۆچکەی بیارە کردووەتە گرنگترین مەڵبەندی گەشتیاری ئاینی ناوچەکە، کەوتووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری سەرنج ڕاکێش لەلایەک و لەلایەکی دیکە ناوەندێکی باشی بۆ خزمەتکردنی گەشیاران ڕەخساندووە، چونکە دابینکردنی خواردن و جێگەی مانەوە لەم خانەقایانە بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ مانەوەی گەشتیاران بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ناوچەکە.



وێنەی ژمارە (٩) خانەقای تەوێڵە: (جبار، ٢٠٢٠)




وێنەی ژمارە (١٠) خانەقای بیارە/ توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣

## بازنەی شەشەم: شوێنەوارەکانی گوندی هاوار:

گوندی هاوار یەکێکە لە ناوەندە گرنگەکانی ئاینی کاکەیی، ئەم گوندە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری هەڵەبجە، و مێژووی گوندەکە دەگەڕێتەوە و بۆنزیکەی (٨٠٠ ساڵ) پێش ئێستە(ڕۆستەم:٢٠٠٤، ٨٠٧)، سوڵتان سەهاک کە یەکێکە لە نوێگەرەکانی ئاینی کاکەیی لەم گوندە لەدایکبووە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی، هەر لەوێ ژیاوە بە پیرۆزترین کەسی قەبیلەکەی دادەنرێت، لەم گوندە مەزاری ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی کاکەیی تێدایە وەک مەزارەکانی(شاخۆشین،سەید خامۆش، میر ئەسکەندەر، خەلیفە ئیسماعیل،کاکە جاور،داود رهبەر) کە ئەمانە هەمویان کەسانی ئاینی گرنگی کاکەین، هەروەها لەگوندەکە لوتکەی چیایەک هەیە کە خەڵکی گوندەکە بە پیرۆز و تایبەتی دادەنێن، چونکە پیاوانی ئاینی کاکەیی بە مەستی وتاردان بەکاریان هێناوە، شوێنەوار و مەزارەکانی ئەم گوندە لەلایەن کاکەییەکانی کوردستانەوە بەپیرۆز تەماشا دەکرێن، کە ساڵانە سەردانی دەکەن ، بەتایبەتی لە هاویندا لە ناوچەکانی خانەقین و کەرکوک و موسڵ و هەولێرەوە (مصطفی, 2024, ١٥٣-١٥٤).

شوێنەوار و ناوچە مێژووییەکان خاڵی بەهێزن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشیاران، بە تایبەتی ناسینی شارستانیەتە دێرینەکان و مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی شوێنەوارەوە بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە بەرەو پێشبردنی کەرتی گەشتیاری هەر وڵاتێکدا (حمدان، ٢٠١٥، ٤٥٥).



وێنەی ژمارە (١١) شوێنەوارەکانی گوندی هاوار توێژەران ٢٠٢٥/٤/٣

## تەوەرەی دووەم: گەشت و گوزار و گرنگی لە ناوچەی هەوراماندا:

گەشتیاری دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتورییە، کە بە پێی تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە و گرنگی زیاتر بووە، لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و تەکنیکی هاوچەرخدا، بە تایبەتی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە ئامرازەکانی پەیوەندی و گواستنەوەدا بەدی هاتووە، چڕی پەیوەندی کلتوری نێوان دانیشتووانی وڵاتان زۆرتر بووە، هەروەها حەز و خولیای خەڵک بۆ بەرسەربردنی کاتەکانیان بە گەڕان و پشووەکان و چێژ وەرگرتن هۆکاری پەرە سەندنی گەشتیارییە (مزیان، ٢٠٢٢، ٢).

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (World Tourism Organization) بەشێوەیەک ئاماژە بە گەشتوگوزار دەکات، کە پێکهاتووە لە چالاکییەکانی گەشتکردنی مرۆڤ بۆ مانەوە لەشوێنێک لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، بەجۆرێک لە ساڵێک زیاتر نەبێت، ئەمەش لە پێناو بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و مەبەستی دیکە، کە پەیوەندی نەبێت بە بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی لەو شوێنەی کە سەردانی ئەکات (Williams, 2003, 3).

گرنگی گەشتوگوزار خۆی لەوەدا دەبینێت، کە لە ئێستادا بووەتە یەکێک لە پیشەسازییە پڕ بایەخە گەورەکانی جیهان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، گەشتیاری بنەمای جەوهەری هەیە لە ئابووری نیشتیماندا و فاکتەرێکی کاریگەر لە جوڵەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، زیاتر وەبەرهێنان لە ژێرخانی گەشتیاریدا دەکەن، وەک لە کەرتەکانی دیکە (مزیان، ٢٠٢٢، ٧).


گەشتیاری کەرتێکی گرنگی ئابووری پێک دەهێنت، هەروەها بەشدارە لە بەرەو پشبردنی ئابووری ناوخۆیی و جیهاندا، هەروەک ئامرازێکە بۆ ڕێنمایی فیکری و ئاڵوگۆڕی کلتووری نێوان گەلانی جیاواز، لەڕووی کۆمەڵایەتی دەروونییەوە هۆکاری ئاسودەیی و جەستەیی ڕۆحیە، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەسەندنی پیشەسازی دەستی ناوخۆیی و پەرەپێدانی کارگە بچوک و مام ناوەندەکاندا، بەشدارە لە ڕەخساندنی هەلی کار، دەبێتە هۆکاری دابەشبوونی دانیشتووان بە شێوازی هاوسەنگ و گرنگیدان بە شوێنە مێژوویی و کلتورییەکاندا (للطائي, ٢٠٠٤, ٣٥-٣٩).
دەتوانرێت ئامانج و مەبەستی گەشتوگوزار دابەشبکرێت بەسەر چەند بەشێکدا، گەشتی کلتوری و ناسینی خەڵک و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەی کە گەشتیار سەردانی ئەکات، هەروەها گشتوگوزاری وەرزشی ئەو گەشتیارانەی بەمەستی سەیرکردنی یارییەکان و بەشداریکردن، پاشان گەشتیاری بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی (الجلاد، ١٩٩٨، ١٦٧).

گرنگی شوێنەوارەکان لە هەرناوچەیەکدا لە دوو ڕوانگەوەیە ئەوانیش:

لایەنی یەکەم: گرنگی و سوودی ئابووری بونی شوێنەواره دێرینەکانی هەورامان وەک بەشێک لە گەشتوگوزار ی ئابووری هەرێمی دەربخەین

لایەنی دووەم: زیاتر بۆ مانەوە و نەفەوتانی شوێنەوارەکانی ناوچەکەیە و هەروەها ناسینی ژیانی ڕابردوو ئاشناکردنیەتی بە نەوەی نوێ.

نەخشەی دابەشبوونی ڕێگاوبانی گەشتیاری لە پارێزگای هەڵەبجە




وێنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەڵەبجە وەرگیراوە.

بەشێک لە شوێنەوارەکان لە ئێستادا جگە لە کەلاوە کۆن و دیوارێکی ڕوخاو هیچیتر نین، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ژیان بەردەوامە و بەردەوامیش لەگۆڕاندایە بە تێپەڕبوونی کات ژیانیش گۆڕانگاری بەسەردا دێت، ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە و مبەستە بونی ئەم شوێنەوارانە لە ئێستادا وەک ناوچەیەکی گەشتوگوزاری مرۆیی نیشان بدەین کە بونەتە بەشێک لە گەشتوگوزار ی ناوچەکە، زۆرجار گەشتیاران لەدوای هاتنەوەی گەشتەکەیاندا سەردانی ئەم شوێنانەش دەکەن وەک شوێنەوارێکی مێژووی و تەواوکەری گەشتەکەیان لە قەڵەمی دەدەن. ، بەڵام ئەوەی کە پێویست بکرێت بۆ زیاتر پەرەپێدانی ئەم جۆرە گەشتوگوزاریانە ئەویش چاکردنی ڕێگاوبانیەکانیەتی زۆر لاواز و وێرانن گەشتیاران ناتوانن بە ئاسانی بچنە ناویان تەنها زۆرجار تەنها لەدورەوە تەماشایان دەکەن، ئەمەش کاریگەری زۆر کردووەتە سەر کەمبونەوەی گەشتیاران کەمتر رووی تێبکەن زۆر بە بایەخەوە سەیر نەکرێت.

بەهۆی کەمتەر خەمی حکومەت لایەنە پەیوەندی دارەکان نەیان توانیوە بیانکەن شوێنی گەشت و گوزاری کەلتوری وەک ناوچەیەکی گەشت و گوزاری مێژووی ئابوری گرنگ سەیر بکرێن، نەیان توانیوە بەرەسمی بیان ناسێن بە گەشتیار خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکەن وەک بردنی ڕێگاو بان و چاودێری کردنیان تاوەکو لە نەمان و فەوتان پیان پارێزین، ئەگەر بێت و ئاوڕیان لێنەدرێتەوە ئەوا مەترسی تێاچونیان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا، هەرچەندە ناوچەکە پڕە دۆڵەمەندە لە شوێنەوار بەڵام بەهۆی گوێ نەدانیان و پەراوێزخستنیان زۆربەیان تێاچوون ناویان لە مێژووی ناوچەکەدا سڕاوەتەوە. هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاوڕیان لێبدرێتەوە هەرچی زووە بکرێنە ناوچەیەکی گەشتیاری شوێنەواری وەک بەشێک لە ئابوری گەشت وگوزاری ناوچەکە بناسرێ.

ناوچەی توێژینەوە ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری مێژووی لە پەنا و مەزارگەی ئاینی و گۆری پیاوچاکان بەڵام ئێمە تەنها ئەوانەمان باس کردون کە وەک گرنگترین شوێنەوارە مێژوو یەکان وەک ناوچەکی گەشتگوزاری مێژووی دەست نیشان کردوە، تارادەیەک ناسراون لەچاو شوێنەوارەکانی تری ناوچەکە.

گەشتیاری ئاینی ئەم جۆرە گەشتیارە لەسەر بنەمای بیر و باوەڕی ئاینی و ڕەوتە جیاوازەکان و یاخود پەیڕەوی ئاینێکی دیاریکراو گەشت دەکەن و سەردانی شوێنە پیرۆزەکان دەکەن، بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەندێک ڕێوڕەسمی ئاینی، یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی گەشتوگوزار

به گەشتوگوزاری بازرگانی دادەنرێت، خاوەن کارەکان و کۆمپانیاکان زۆرتر ئەم گەشتە ئەنجامدەدەن، هەروەک بەشداریکردن لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکان و گەشتە ئەکادیمییەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکان جۆرێکی دیکەی گەشتوگوزارە (طه و الدباغ، ٢٠٠١، ٢٥). جۆرێکی دیکەش لە گەشت و گوزار بەمەبستی کات بەسەربردن و تێپەڕاندنی کاتەکانیان بە ئاسودەیی و بینی دیمەنە جیاوازەکان، گەشتیاریی مێژوویش هەیە، بە مەبەستی بینی شوێنەوار و ناوچە مێژووییەکان، ئەم جۆرە گەشتیارییە شوێنەوارەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریدا، گەشتیاری وەزیش بەشێکی دیکەیە لە جۆرەکانی گەشت کردن، بە تایبەتی لەهەندێک لە وەرزەکانی ساڵدا، دیمەن و کەش و هەوای ئەو ناوچەیە سەرنجیان ڕادەکێشێت (طه و الدباغ، ٢٠٠١، ٧٨).

گەشتوگوزاری ئاینی کۆنترین جۆری گەشتوگوزارییە، هەتا ئێستاش بوونی هەیە، گەشتوگوزاری ئاینی بەیەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی چەندین ئاینی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت، چەمکی گەشتوگوزاری ئاینی کۆمەڵێک هێزی ئایدۆلۆژییە، کە جوڵەیەکی بەردەوامە، پێناسە دەکرێت بە داخوازی ڕۆحی و سۆزی ئاینی و ڕازیکردنیان بە چوونیان بۆ شوێنە ئاینییەکان ئەمەش بە ئەنجامدانی مەراسیمی ئاینی دەبێت، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە دەبەش دەبیت بۆ دوو جۆر گەشتوگوزاری ئاینی کورت خایەن و گەشتوگوزاری ئاینی درێژ خایەن (محمد، ٢٠٢٣، ١٢-١٣).

لەم چەند ساڵەی دوایدا ژمارەی گەشتیارانی ئاینی بۆ ناوچەی هەوارامان و هەڵەبجە زیاتر بووە، ئەویش لەلایەک بەهۆی گەنجاوی ئاوهەوای ناوچەکە بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا کەشێکی فێنکی هەیە، هەروەها وەک ناوەندێکی ئاینی گرنگ، کە شوێنە ئاینییەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە و بۆتە ناوەندێک بۆ خوێندنی زانستە ئاینییەکان و ڕاکێشانی هەزاران گەشتیاری ئاینی بۆ هەورامان، هەروەها بوونی کتێبخانەیەکی ئاینی گرنگ و چەند بابەتێکی ڕۆحی سەرنجی هەزاران گەشتیاریان ڕاکێشاوە (محمد، ٢٠٢٣، ٦٦-٦٧).

لەلایەکی دیکەوە بوونی چەندین مەزارگە و شوێنی کەمە ئاینییەکان لە ناوچەکەدا وەک ئاینی کاکەیی (یارسان) و هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ناوچەی هەوارمان، کە ئەم ئاینە لە کوردستان سەریهەڵداوە و بەشێکە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی کوردستان (ئەنوەر، ٢٠١٨، ١٠٠).

**گرفتەکانی بەردەم گەشەکرنی گەشتیاری بواری شوێنەواری و ئاینی لە ناوچەی هەورامان.**

ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو سەرجەم ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دیکەی جیهان خاوەنی چەندین بنەمای سروشتی و مرۆیی گەشتوگوزارە، ، بەڵام نەتوانراوە سەرجەمیان وەکو پێویست بەرهەمبهێنرێن لە بواری خزمەتکردنی کەرتی گەشتیاریدا.

ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوی بنەما سروشتییەکانی گەشتوکوزارەوە دەوڵەمەندە هەر لە گەنجاوی شوێنی جوگرافییەکەیەوە تا دەگاتە بونی سەرچاوەی ئاوی پێویست و دیمەنی سروشتی و سەرنجراکێش ...هتد، هەروەها بنەما مرۆییەکان لە رووی ژمارەو جۆرەوە گەشتوەتە ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و هەندێکیشیان تێپەریان کردووە، بەڵام وەکو پێویست بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا وەبەرنەهێنراون.

بنەما شوێنەواریی و ئاینیەکان بۆمەبەستی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەمان بنەماکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزارن لە هەرێمە گەشتیارییە بەناوبانگەکانی جیهان، لەگەڵ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە بنەماکانی و گەشەپێدانی ئەوجۆرەی گەشتوگوزار، بەڵام تا ئێستاش نەتوانراوە پلانێکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا دابنرێت، هەتا بنەما ئاینی و شوێنەوارییەکانیش ببێتە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی گەشەپێدانی گەشتیاری ناوچەکە بەگشتی و ئابووری نەتەوەیی و داهاتی تاکەکەسیشی پێ بەرزبکرێتەوە، هەوڵ دەدەین ئەو هۆکارانەی کە ڕێگر بون لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانێکی ئاست بەرز بۆ گەشە پێدانی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەچەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو، ئەوانیش:

١-نەبونی هۆشیاری و ڕۆشنبیری گەشتیاری دانیشتوانی ناوچەکە ڕێگر بووە لەوەی کە بوارەکانی گەشتوگوزاری شوێنەواری و ئاینی لە ئاستێکی بەرزدا نەبن، بەجۆرێک تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە ببنە بەربەستێکی گرنگ بۆ ڕێگریکردن لە تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچەکەدا، یان ئەو پێگە شوێنەواریان وەک پێگەیەکی بێبەها سەیردەکەن، سەبارەت بە پێگەی ئاینیەکانیش بەهەمان شێوە. کە دەکرێت بە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیارانیش ئەژمار بکرێن بۆ ئەو شوێنە گەشتیارییەکانە.

٢-یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم پلاندانانی گەشتیاری لەناوچەی لێکۆڵینەوە لاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی و ڕاگەیاندنی گەشتیارییە لە ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکان و ئاشناکردنی گەشتیاران بە پێکهاتە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە فراوانکردنی جوڵە و چالاکی گەشتوگوزار بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە ڕاگەیاندن بوەتە سەرچاوەی ناساندن و بانگەشە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتوگوزاری ڕێکخراو و ناساندنی دامەزراوە و کۆمپانیا و شوێنە گەشتیارییەکان بە گەشتیاران، ئەم فاکتەرەی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە نزمترین ئاستدایە .

٣-لەگەڵ ئەوەی کلتور و داب و نەریت و پاشماوە مێژوویی و شارستانییەکان لە جیهاندا گرنگیەکی زۆریان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران و بە ڕەگەزێکی گرنگی پلاندانانی گەشتیاری دادەنرێت، هەندێک لە پاشماوە مێژوویی و شارستانییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە داڕوخاون و لەناوچون،

هەروەها هەندێک لە داب ونەریت و پیشە دەستییەکانی ناوچەکە بەهۆی نەبونی پلانێکی گونجاو بۆ پاراستنیان هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەجیهانی بوون لەناوچون .

٤-لاوازی سەرخانی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەیەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم پلاندانانی گەشتیاری دادەنرێت، خۆی دەبینێتەوە لە کەمی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە وگەیاندن و ئوتێل و ڕیستۆرانت و خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و چەندین خزمەتگوزاری دیکە، هەروەها هۆکارەکانی گواستنەوە کاریگەری هەیە لەسەر پلاندانانی گەشتیاری، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەتەنها گواستنەوە بە ئۆتۆمبیل هەیە ئەمەش بە خاڵی لاوازی ناوچەکە دادەنرێت، چونکە تەنها بە گواستنەوەی ئۆتۆمبیل ناتوانرێت داواکاری سەرجەم گەشتیاران دابین بکرێت.هەروەها لەناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین گرفت و ڕێگری لەبەردەم پلاندانانی گەشتیاری بەدیدەکرێت، لە گرنگترینیان نەبونی کارمەندی شارەزاو ڕاهێنراو لە بواری گەشتوگوزار دا .

٥--سەردانیکردنی گەشتیاران وەک جاران بۆ مەبەستی پەرستن و عیبادەت بیروباوەر نەماوە زۆرکەم بووەتەوەو گۆڕاوە، لەئێستادا زیاتر بۆ ناسینی شوێنەکەیە وەک لایەنی مێژوویی و شوێنەوارو کەلەپوری تەماشا دەکرێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی هۆکار وەک تێگەیشتنی جیاواز و تێڕوانینی نوێ خەڵکی بۆ ئاین بەتایبەتی بۆ ئیسلام، ڕۆشنبیری و هۆشیاری بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری لەنێو هەموو چینەکاندا، هەروەها بوون پێشکەوتنی پێداویستەیەکانی ژیان بە تایبەتی تەندروستی مرۆڤ وەک داو دەرمان دکتوری پسپۆڕی هەمە جۆری نەخۆشییەکان، بوەتەهۆکاری کەمبونەوەی بەشیک لە گەشتیاران.

٦- هەتاکو ئێستا بەشێک لە شوێنەوارەکان کنە وپشکنینیان تێدا نەکراوە، و تاکو ئێستا دەستی دامودەزگا شوێنەوارییەکانیان پێنەگەیشتووە، بۆیە رازو بەسەرهاتی ئەم شوێنەوارانە بەنادیاری ماوەتەوە، و نەتوانراوە توێژینەوەی گرنگیان لەسەر بکرێت،بەمەستی ناساندنیان وەک ناوچەی شوێنەواری.

## ڕاسپاردەکان:

چەندین گرفت لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانی گەشتیاریدا وەستاون و دەکرێت لە ئێستاوە کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم فاکتەرانە و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە ڕوبەڕوی پلاندانان دەبێتەوە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، لایەنە پەیوەندی دارەکان نەیانتوانیوە بیانکەن, شوێنی گەشت و گوزاری مرۆیی وەک ناوچەیەکی گەشت و گوزاری مێژووی ئابوری گرنگ سەیر بکرێن، نەیانتوانیوە بەرەسمی بیان ناسێن بە گەشتیار خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکەن وەک بردنی ڕێگاو بان و چاودێری کردنیان تاوەکو لە نەمان و فەوتان پیان پارێزین، ئەگەر بێت و ئاوڕیان لێنەدرێتەوە ئەوا مەترسی تێاچونیان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا، هەرچەندە ناوچەکە دۆڵەمەندە لە شوێنەوار بەڵام بەهۆی گوێ نەدانیان و پەراوێزخستنیان زۆربەیان تێاچوون ناویان لە مێژووی ناوچەکەدا سڕاوەتەوە. هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاوڕیان لێبدرێتەوە هەرچی زووە بکرێنە ناوچەیەکی گەشتیاری شوێنەواری وەک بەشێک لە ئابوری گەشت وگوزاری ناوچەکە بناسرێن.

١-بە هەوڵدان بۆ چالاککردنی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ودامەزراندنی ڕاگەیاندنی گەشتیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە، دروستکردنی بەرنامەی تایبەت بۆ ناساندنی ئەم ناوچە شوێنەوارییانە بە ناوچەکانی دەوروبەر.

٢-هەروەها بەگەڕخستنی ژێرانەی ژێرخانی گەشتیاری ناوچەکەو کردنەوەی مۆزەخانە و بۆ پاراستنی بابەتە شوێنەوارییەکان ، ئەو کەرەستە فۆلکۆرییانەی کە تایبەتن بە ناوچەکە.

٣-نۆژەنکردنەوەی پاشماوە و شوێنەوارە مێژوویی و شارستانیەکانی ناوچەکە و دروستکردنی پارێزراوی سروشتی، هەروەها لەکاتی نۆژەنکردنەوەدا دابینکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ ئەوەی لەکاتی نۆژەنکردنەوەدا تایبەتمەنی خۆیان لەدەست نەدەن.

٤-کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ڕاهێنانی کارمەندی شارەزا، تا بتوانێت ڕێنمایی بدات بە گەشتیاران بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئە پێگە گەشتیارانە، و لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاگاهێنانەوەی دانیشتووانی ناوچەکە بەوەی کە ئەو پێگانە سەروەتێکی گشتی نیشتیمانین و پێویستە پارێزگارییان لێ بکرێت. بە جۆرێک پێویستە زەمینەیەکی لەبار بۆ چاکسازی کردن لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا برەخسێنرێت.

٥- پێویستە ئاوڕ لەم شوێنەوارە گەشتوگوزارە مرۆیەی ناوچەکە بدرێتەوە پارێزگاریان لێبکەن بە تایبەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە و دەزگای شوێنەوارییەکان, هەروەها بەچاوێکی گەشتیارییەوە تەماشا بکرێن تاوەکو بتوانن گەورەترین پرۆژەی ئابووریان لێ دروست بکەن بۆ سوودی ئابووری ناوچەکە چونکە ناوچەکە هەروەک چون دۆڵەمەندە بە هۆکارە سروشتیەکان و سەرچاوە ئاوییەکان بەهەمان شێوەش دۆڵەمەندە بە شوێنەوارە دێرینەکانیش، ، بەڵام لاوازە لە خزمەتگوزاری و لە ئێستادا بەم هەمووکەموو کورتیەوە ناتوانرێت پێشوازی لە گەشتیاران بکرێت، ، بەڵام ئەگەر خزمەتگوزاری تەوایان بۆ بکرێت ئەوکاتە دەتوانرێت بخرێنەگەڕ سودیان لێ وەربگرێت بەمەش داهاتێکی ئابووری دروست بکەن

٦-ڕێگاوبان بە ڕەگەزێکی دیکەی پلاندانانی گەشتیاری دادەنرێت، چونکە بەشداریدەکات لە چالاکی گەشتوگوزاریدا هەر لە خاڵی دەستپێکردنەوە تا کۆتایی هاتنی گەشتەکە، ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوی ڕێگاوبانەوە هەژارە چونکە زۆربەی ڕێگاکانی تەسک و یەک ئاراستەن هەروەها ڕێگەی هەندێک لە سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان قیرتاو نەکراون.

٧-هەروەها سنوردارکردنی هەندێک بیروباوەڕی توندڕەوی کە وا هانی خەڵکی دەدەن لەوەی نزیک نەکەونەوە لەو پێگە گەشتیاریانە یان بانگەشەی ئەوە دەکەن گرنگیان پێنەدرێت، بەبیانوی ئاینی جیاواز، هەروەها لەبەرامبەردا زیاتر گرنگی دان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی جۆراو جۆرو بڵاو کردنەوەو ئەم توێژینەوانە کە کە تیایاندا گرنگی ئەم شوێنە ئاینی و شوێنەوارییانە بخاتە ڕوو.

## ئەنجام:

١- هەڵکەوتەی جوگرافی هەورامان وایکردووە ناوچەیەکی گرنگ بێت و هاوسنوری پارێزگاکانی کرماشان و سنەیە و نزیکی لەگەڵ ناوچە شوێنەوارییەکانی ئێران دەکرێت وەک ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ و پەیوەست بەو ناوچانەوە وەک هەرێمێکی گەشتوگوزاری و بونیاد نانی دەروازەی گەشتیاری زیاتر سودی لێ ببینرێت.

٢-هەورامان تایبەتمەندییکی کلتوری و فەرهەنگی خۆی هەیەو هەتاوەکو ئێستا بەشێک لە و فەرهەنگ و کلتورە وەک خۆی ماوەتە، دەکرێت ئەمەش هۆکاری پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی گەشتوگواری بێت لە ناوچەکەدا.

٣-هەورامان مێژوویەکی دێرینی هەیە و وەک ناو و ناوچە لەسەرچاوە دێرینەکاندا ئاماژەی پێکراوە و بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژیان لەناوچەکەدا بەردەوامە دانیشتووانی ناوچەکە هەورامانیان بەجی نەهێشتووە.

٤-ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەوار لە ناوچەکەدا بوونی هەیە بەتایبەتی شوێنەواری ئاینی وەک ( خانەقا، تەکیە، مەزارگە، مزگەوت، گۆڕی پیاو چاکان ...هتد) لەپاڵ شوێنەوارە مێژووی و کلتورییەکاندا، هۆکارە بۆ پەرەپیدانی زیاتری کەرتی کەشتوگوزاری.

٥-کەشتوگوزار لە ئێستادا بە فاکتەرێکی گرنگی پەرەپێدانی کەرتی ئابووری و کلتوری دادەنرێت، ئەگەر کار لەسەر ئەم کەرتە بکرێت لە ناوچەی هەوارامان هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆرتری گەشتیار بۆ ناوچەکە و کۆکردنەوەی داهات و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و پاراستنی کلتور و فەرهەنگی ناوچەکە.

## سەرچاوەکان:

### ا-کوردییەکا:


١. ئەحمدئاوایی، محمد سابیر ئەحمەد(2021) چەردەیەک لە مێژووی ئەحمەدئاوا،چاپخانەی ڕیدار،چ١، سلێمانی.
٢. ئەحمد، ڕەشید و جمال، ڕەشید، فەوزی (٢٠١١) مێژووی کۆنی کورد، و.ملکۆ کەلاری، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.
٣. ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠٠٩) چەردەیەك لە مێژووی هەورامان ، گۆڤاری هەورامان ، ژمارە 17 ، سلێمانی.
٤. ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠١٨) مێژووی دەرکەوتنی ئاینەکانی ئێزدی و کاکەیی، چاپی یەکە، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
٥. بۆرەکەیی، صدیق بۆرەکەیی (٢٠١٣) هەورامان باشتر بناسن، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦. بیگلەری، هورمز بیگلەری (٢٠٠١) چیانشینی زاگرۆس،حمەی حمەسەعید، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی.
٧. بەهمەنی، هادی ڕەشید (٢٠٠٣) پەیامی هەورامان، چاپی دووەم، بەدرخان، سلێمانی،٢٠٠٣.
٨. بەهمەنی، هاوار (٢٠١٣) زەردەشت لەکلتوری کوردە واریدا ،دەزگای رۆشنبیری گۆران ، سنە.
٩. توداری، سەید عبدالصمد (١٩٧٠) چەمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان، و. محمد ملا کریم ، چاپخانەی سلمان العظمي ، بغداد0
چوارچرا، سلێمانی.
١٠. ڕۆستەم، ئەیوب (٢٠١١) هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کلتوری کۆمەڵایەتیە، بەرگی یەکەم_بەرگی دووەم ، چ3، چاپخانەی کوردۆنیا، سلێمانی.
١١. ڕەشید، نەورەس (٢٠٠١) ئابوری هەورامان، گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژمارە 1، ب.چ، هەولێر.
١٢. زەند، کەریمی (٢٠٠٥) تۆماری تەمەن -5- ، چ1، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی.
١٣. زەڵمی، ئیبراهیم حاجی (2008) خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی، بەرگی یەکەم.
١٤.شەیدا، قازی عبدوڵا (٢٠١١) مێژوی سانەکانی هەورامان پاش ئیسلام،و.سەریاس ،چ1،چاپخانەی تاران.
١٥. عارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٤) چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نوسراوە ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بغداد.
١٦. عباسی، جلیل (٢٠١١) دەلاقەیەکی نوێ روبە مێژووی کۆن ، چاپخانەی کوردۆنیا.
١٧. عبدوڵلە، محمد ئەمین علی (٢٠٠١) شەڕی گۆگامێلا (ئەربیلا) 331 پ.ز ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٨. فرج، جەمال حبیب (٢٠٠٠) هۆرامان وهۆامی و واتەو وەڵینا، ب1، چ1، ب.چ، هەڵەبجە.
١٩. محمد امین، هاورێ یاسین (٢٠١١) لێکۆلینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستانی عیراق، ب.چ، سلێمانی.
٢٠. محمد، عبدالرزاق عبدالرحمان (٢٠٠٥) سەربوردێکی هەورامان سەردانێکی تەوێڵە، چ1، چاپخانەی مەهارەت، تاران
٢٠. محمود، عبداللە کریم و ڕۆستەم، ئەیوب (١٩٩٩) هەورامان سروشتی جوانی و کەلتوری کوردەواری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ،ژمارە 1784، سلێمانی.
٢١. منتشاڤیلی، ا.م (٢٠٠٨)، کورد کوتەی پەیوەندی کۆمەڵاتی و ئابووری د.عزەدین مستەفا رەسول ،چ2،چاپخانەی خانی، دهۆك.
٢٢. مودەڕیس، مەلا عبدوالکریم ( ١٩٨٣) یادی مەردان ،ب2، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغدا، 1983.
٢٣. مودەریس، مەلا عبدلکریم (١٣٨٩) بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، جاپخانەی تاران.
٢٤. نیکیتن، واسیلی (١٩٩٧) کوردو کوردستان ، و.خالید حسامی (هێدی)، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
٢٥. هەورامانی، محمد ئەمین (٢٠٠٠) مێژووی هەورامان ، انتشارات بلخ، تهران.
٢٦. هەرامانی، محمد ئەمین (١٩٨٤) کاکەیی، جاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث, بغداد.
٢٧. مصطفی، ڕێباز لقمان (٢٠٢٤) دەستنیشانکردنی گونجاوترین شوێن بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی هەورامان پێشکەش بە ئەنجومەنی سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانیی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، لە زانستی جوگرافیادا.
٢٨. محمد، عدنان علی (٢٠٢٣) توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئاینی لە هەرێمی کوردستاندا، پێشکەش بە ئەنجومەنی سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانیی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، لە زانستی جوگرافیادا.
٢٩. محمد، نەوشیراون عزیز (٢٠١٧)شوێنەوارەکانی شارەزوور،چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران.
٣٠. مارف، شەماڵ علی (٢٠١٤) بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
٣١. جبار، سەرکۆ ناجی (٢٠٢٠) ڕەوشی هەورامان لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاریدا،چ١،ناوەندی سارا.
٣٢. صابر، شوان محمد (٢٠١٤) شار و شورا و قەڵاکانی شارەزور لەسەدەکانی ناوەڕاست لە تۆمارە مێژوویی و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا،چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٣. سەرگەتی، سەید صدیق حمە صالح (٢٠١٥) کورتەیەک لە مێژوی گوندی سەرگەت، چ١، چاپخانەی سیما.
34. گوڵپی، ناجح (٢٠٢٤) دەگاو گوڵپی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٥. رشید، شیروان عمر (٢٠٠٧) بنەماکانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ١، سلێمانی.
٣٦. عارف، شەماڵ علی و مصطفی، ڕێباز لوقمان و ڕەشید، شیروان عمر (٢٠١٩) بایەخی گەشتیاری بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینیەکانی هەورامان بەبەکارهێنانی GIS ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/بەشی(ب) زانستەمرۆڤایەتیەکان،ژمارە(٦٠).

٣٧. صالح، حەکیم، (2004) هەڵەبجە لە ئامێزی مێژودا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

دووەم: عەرەبییەکان:

٣٨. مزيان، حمزة (2022), التسويق السياحي, جامعة حسيبة بن بوعلى, مطبوعة جامعة.
39. الطائي, حميد عبدالنبي (2004), التسويق السياحي, مدخل إستراتيجي, مؤسسة الوراق للنشر, عمان.
٤٠. حمدان، سوسن صبيح (٢٠١٥)، لتحليل المكاني للمواقع الأثرية و دورها في تطوير السياحة في مدينة بغداد، مجلة الآداب، العدد١١٤، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية.
٤١. الجلاد، احمد (1998) البيئة المصرية التنمية، ط1، عالم الكتاب، مصر.
٤٢. طه، الحوري مثنى الدباغ، إسماعيل محمد علي (2001)، مبادئ السفر والسياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، الأردن.

سێیەم: ئینگلیزی:

43. Diksht, S.K, (1995) An Introduction to Archaeology,  Asia Publishing House, Calcutta.
44. Stephen Williams, S. (2003) Tourism Geography, Routledge Contemporary Human Geography, Taylor And Francis Group, fifth published.

چوارەم: فارسی:

٤٥. نصیری، أحمد (١٣٧٩) هورامان دیار یادها و یاد بودها، فرداد.

پێنجەم: سەردانی مەیدانی:

٤٦. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ ٢٠٢٥/٢/٢٨.
47. سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ ناوچەی توێژینەوە کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ٢٠٢٥/٤/٣.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-13

# The role of religious sites and monuments in Hawramabad in the development of tourism sector

**Deilman Mohammad Saber[1], Serko Naji Jabar[2]**

1 -Department of Social Sciences, Sulaimani University, Kurdistan Region-Iraq
2- College of Veterinary Medicine, Sulaiman University, Kurdistan Region-Iraq

**Article Info**

| Received | **April 2025** |
|---|---|
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Hawramabad, archaeological sites, monasteries, Zalm castle.**

**Corresponding Author**

Dilman.mohammed@univsul.edu.iq
sarko.jabbar@univsul.edu.iq

**abstract**

Hawramabad region, which has its own geographical characteristics and triangular shape located in the northeast of the Kurdistan Region and southeast of Iran, has its own history and culture and the beginnings of life and civilization in this region goes back to ancient times. Evidence for this is the presence of several archaeological remains, which date back to different periods, especially the Neolithic period, which includes caves, palaces, treasuries, roads, castles, councils, house remains, walls, minarets and shrines It shows the unity of the region in the past and proves the compatibility of natural and human species and the way of life of the inhabitants of Hawramabad as it is considered a national asset and national identity. Paying attention and protecting them plays a significant role in the region in terms of tourism sector as a large number of tourists visit Hawramabad every year, can bring more benefits to the tourism sector in terms of development and attraction of religious and cultural tourism. This research focuses on the monuments located in Hawramabad region and their role in developing the tourism sector in Hawramabad.